

**مه‌هاباد قه‌ره‌داغی**

## هه‌ڵسه‌نگاندنێکی سایکۆ- سۆسیۆپۆلیتیکیانه‌ی
## یه‌که‌مین کۆبوونه‌وه‌ی په‌رله‌مانی کوردستان

**پێشه‌کی**: ئه‌مڕۆ 2005/6/4، له‌ ته‌لاری په‌رله‌مانی کوردستاندا دوای خایاندنێکی درێژ دوای هه‌ڵبژاردنه‌کان، دانیشتنی یه‌که‌مینی ئه‌ندامانی په‌رله‌مان و سوێندخواردنی یاسایی ئه‌نجام درا. بێگومان ده‌زگاکانی ڕاگه‌یاندن، ڕۆژنامه‌کان هه‌ڵسه‌نگاندنی خۆیان ده‌بێت بۆ ئه‌م ڕووداوه‌ و کۆمێنتاری سیاسی لایه‌ن و که‌سایه‌تی سیاسی و ڕووناکبیرانی به‌دوادا دێت. ئه‌و میتوده‌ی من ئه‌م ڕووداوه‌ی پێ هه‌ڵده‌سه‌نگێنم و ئه‌و کۆمێنتارانه‌ی که‌ له‌ مه‌ڕ ئه‌م دیارده‌یه‌ ده‌یخه‌مه‌ ڕوو له‌ سێ گۆشه‌ نیگاوه‌ ده‌بێت سایکۆلۆژیا، سۆسیۆلۆژیا و پۆلێتیک، که‌ به‌ چاویلکه‌ی سایکۆ- سۆسیۆپۆلێتیک ناوی ده‌به‌م.

له‌ سیاسه‌تدا هه‌موو دیارده‌کان سیمبۆلین. جوڵه‌، جلوبه‌رگ، دیکۆری شوێن، ئاماژه‌کانی ده‌موچاو، ئاستی کۆمه‌ڵایه‌تی و ڕۆشنبیری ئه‌کتوێره‌کان، په‌یڤه‌کان و هه‌ڵه‌کانی زمان و هتد.. هه‌موویان شیکردنه‌وه‌ هه‌ڵده‌گرن. بۆ دیارده‌یه‌کی له‌م جۆره‌ ته‌نها شیکردنه‌وه‌ی سیاسی نابێته‌ پێوه‌ر، به‌ڵکه‌ به‌ پێوه‌رێکی لێکدراو ده‌توانرێت ڕیالیته‌ی سیاسی کوردستان و به‌ تایبه‌تیش کۆبوونه‌وه‌یه‌کی گرنگی وه‌کو ئه‌وه‌ی ئه‌مڕۆی په‌رله‌مانی کوردستان لێک بدرێته‌وه‌.

### سیناریۆی په‌رله‌مان:

"ژیانی کۆمه‌ڵایه‌تی شانۆگه‌رییه‌که‌، مرۆڤ له‌م شانۆگه‌رییه‌دا ڕۆڵ ده‌بینێ و هه‌م ئه‌کته‌ر و هه‌میش ته‌ماشاکاره‌". ئه‌مه‌ کرۆکی تیۆرییه‌که‌ی (گۆفمان)ه‌ که‌ له‌ ساڵی 1959 دا له‌ کتێبی: The presentation of self in everybody life دا شیده‌کاته‌وه‌. له‌م تیۆرییه‌دا ده‌روونناسی ناوبراو بایه‌خی که‌ش و ژینگه‌ واته‌ شوێنی ئه‌و شانۆگه‌رییه‌ ده‌خاته‌ ڕوو، هه‌روه‌ها جوڵه‌ و کار و کاردانه‌وه‌کانی ئه‌کته‌ره‌کان. "له‌ ژینگه‌یه‌کی دڵنیادا مرۆڤ هه‌ست ده‌کات دانپێدانراو و قبوڵکراوه‌. له‌ ژینگه‌یه‌کی نادڵنیادا مرۆڤ هه‌ست ده‌کات له‌سه‌ر شانۆیه‌."

له‌به‌ر لایتی ئه‌م تێڕوانینه‌دا سیناریۆ، دیکۆر و دۆخه‌کانی تری دانیشتنی یه‌که‌می په‌رله‌مان هه‌ڵده‌سه‌نگێنم. له‌م گۆشه‌نیگایه‌وه‌ ده‌شێ سه‌رنجی ئه‌وه‌ بده‌ین ئه‌کته‌ره‌کان چه‌ند سروشتی ڕۆڵ ده‌بینن، یان به‌ واتایه‌کی تر ژینگه‌که‌یان چه‌ند ته‌ندروست و دڵنیایه‌، له‌ هه‌موو ئه‌مانه‌ش گرنگتر له‌ جوڵه‌ و په‌یڤ و جلوبه‌رگ و ئاماژه‌کانی ده‌موچاوی هه‌ریه‌کێک له‌ ئه‌کته‌ره‌کاندا ئاستی فیکری، ده‌روونی، کۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسی هه‌ریه‌کێکیان بخوێنینه‌وه‌.

پێش هه‌موو شتێ ده‌مه‌وێ خوێنه‌ر له‌وه‌ دڵنیابکه‌مه‌وه‌ که‌ ده‌سته‌واژه‌کانی "سیناریۆ، ئه‌کته‌ر، شانۆ و شانۆگه‌ری" بۆ هه‌ڵسه‌نگاندنی دۆخی کۆبوونه‌وه‌ی یه‌که‌می په‌رله‌مانی کوردستان به‌مانایه‌کی نێگه‌تیڤ به‌کار

نەبراوە. هەموو دیاردەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کلتووری و تەنانەت ئایینیش دەشێ لە بەر ڕووناکی ئەو تیۆرییەی گۆفمان دا وەک شانۆگەری ببینرێ و هەڵسەنگێندرێ، بۆ نموونە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی حیزبێک، مەراسیمی پرسە یان زەماوەند، ڕێوڕەسمی نوێژی جەماعەت یان مەولودنامە و یانیش کۆنگرە و کۆنفرانسە کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و کلتوورییەکان.

## دیکۆری پەرلەمان:

دیکۆراسیۆنی پەرلەمانی کوردستان شکۆمەندی کوردی لە ڕەنگەکانی ئاڵای پیرۆزی کوردستاندا بەرجەستە دەکرد. ئەوەی بایەخێکی مێژوویی و شایستە دەدات بەم کۆبوونەوەیە دیکۆری پەرلەمانی کوردستانە بە بێ ئاڵای داگیرکەرانی کوردستان. نەبوونی (ئاڵای عێراقی سەردەمی سەددام) هێمایەکە بۆ سەربەخۆیخوازی کورد. گەشترین و ئاشکراترین ئیماژی کوردە لەبەردەم دنیادا کە بە وردی چاودێری دۆخی سیاسی کورد دەکەن. ئاڵایەکی گەورەی کوردستان و دەیان ئاڵای تر لەم بەر و لەوبەری مینبەری سەرۆکی پەرلەمان و ئەو مینبەرەی ئەندامانی ئەنجوومەن سوێندی یاسایی دەخۆن، چەند لە ڕووی سیاسییەوە ئیماژێکی بەنرخ و بایەخە ، هێندەش لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە دڵنیاکەرەوە و ئارامیبەخشە .

## میوانەکانی پەرلەمان:

جگە لە ئەندامانی ئەنجوومەن، دوو سەرۆکی کورد کە هەر یەک لەوان ئەمڕۆ لەسەر گۆڕەپانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، ئامادەبوونیان لەم کۆبوونەوەیەدا بە تایبەت دوای چاوەڕوانییەکی درێژخایەنی چاودێرانی سیاسی و بەدواداچوونی ناکۆکییەکانی نێوانیان، پێکەوەبوونیان سەرنجی هەموانی ڕادەکێشا. لەم کۆبوونەوەیەدا ، یان بە گوزارە گۆفمانییەکەی (لەم شانۆگەرییەدا)، ئەم دوو سەرۆکە ڕۆڵی سەرەکییان دەگێڕا، واتە پاڵەوانی دیمەنەکان بوون. سەرۆکی عێراق لە ڕۆڵی میوان و سەرۆکی هەرێم لەڕۆڵی خاوەنماڵ دا. ئەگەر لە ڕۆشنایی تیۆرییەکەی گۆفماندا ڕۆڵی ئەم دوو سەرۆکە هەڵسەنگێنین تا بزانین چەند بە شێوەیەکی سروشتی ئەم ڕۆڵەیان بەرجەستەکردبوو، لە جلوبەرگ، جوڵە ، ئیماژی دەموچاو، وتارەکەیان دەڕوانین و بەرەنجامێکی لێ پێکدەهێنین بیکەین بەو پێوەرەی سەرکەوتنی هەریەک لە پاڵەوانی سەرەکی.

## سیناریۆ: سوێندخوارنی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

## شوێن و دیمەن: تەلاری پەرلەمان لە هەولێری پایتەختی کوردستان.

سیناریۆ و شوێن و دیمەنەکە هەموویان ئاماژە بەوە دەکەن کە لەم دۆخەدا کوردستان سەرەکییە و عێراق لاوەکییە . سەرۆکی عێراق (ئەگەرچی کوردیشە ) لەم ڕۆڵەدا پێش کوردبوونی دەبێت عێراقیبوونی بسەلمێنێت بۆ هەموان بۆیە لە جلوبەرگەوە بیگرە تا ئاماژەی وتەکانی و زمانی ئاخاوتنی "بە عەرەبی ئینجا کوردی" و پەیامەکانی نێو وتارەکەی ، هەموو ئەمانە ئەوەیان دەخستەڕوو کە سەرۆکی عێراق ڕۆڵێکی عێراقیانە دەبینێت و ڕۆڵەکەی خۆی بە تەواوی بەرجەستەکردووە . لێرەدا وەک کۆمێنتارێک و پرسیارێکی سیاسی لە بەڕێز سەرۆکی عێراق و هەموو ئەکتەرە سیاسییەکانی تری کورد لە عێراقدا کە ڕۆڵی وەزیر و ئەندامانی

ئه نجوومه نی نیشتیمانی ده بینن ئایا ئه وان وه ک پرنسیپ و باوه ڕ کوردن ئینجا عێراقی یان عێراقین ئینجا کوردن؟ ئه گه ر یه که میانن ئه وه پێویست ناکات ڕۆڵی عێراقییه کی بێلایه ن ببینن و با ڕێک و ڕه وان ته مسیلی کورد بکه ن له وێنده ر، ئه گه ر دووه میشیانن ئه وه ته مسیلی خۆیان ده که ن نه ک کورد، به لام ده کرێ وه بیریان بهێنینه وه ئێمه ی کورد متمانه مان به وان داوه ته مسیلمان بکه ن له و شوێنه خه ته ره دا که ده شێ بڕیاری زۆر خه ته ری لێوه ده ربچێت دژ به کورد و چاره نووسی کورد.

ئایا سه رۆکی هه رێم ڕۆڵی خۆی به ته واوه تی گێڕا وه ک خاوه ن ماڵ؟ به بۆچوونی من له م بواره دا به ڕێزی زۆر به پارێزه وه ده جولایه وه و به ئاگاداریشه وه نه یده ویست ڕۆڵه که به ته واوه تی بله یزێت و نیوه ی هێشتبووه وه بۆ دیمه نی داهاتوو که ئه وه نده ناخایه نێت و ده یبینین. په له نه کردنی سه رۆکی هه رێم بۆ بینینی ڕۆڵی خۆی (ئه گه رچی چه ند جارێک له ده می سه رۆکی کۆمار و سه رۆکی په رله مانه وه) چه ند پاته کرایه وه که ئه و به قه ولی خۆیان((ئینشالا سه رۆکی هه رێمی کوردستانه))، ڕه نگه له وه وه سه رچاوه بگرێت که ده شێ هه موو ڕێککه وتنێک هه ڵوه شاندنه وه یه کی به دوادا بێت و، سیناریۆ سیاسییه کانی چه ن مانگێکی له مه وبه ریش سه باره ت به ڕێککه وتنه کانی نێوان پدک و ینک ده شێ هۆکاری ئه وه بن که تا ساتی کۆبوونه وه ی دووه می په رله مان و چرکه ساتی سوێندخواردنی سه رۆکی هه رێم، بارزانی نه یه وێت خۆی وه ک سه رۆکی هه رێم بناسێنێت. ڕۆڵی وا پێش هه موو شتێک پشوودرێژییه کی دیپلۆماسییانه ی پێویسته و له ناو هۆڵی په رله ماندا ئه م پشووه له ئیماژه کانی ده موچاو و جوڵه و ته نانه ت وته کانی سه رۆکی چاوه ڕوانکراوی هه رێم، ده خوێندرایه وه. که ئه مه ش له و بیرکردنه وه ڕێژه ییه وه سه رچاوه ده گرێت که هیچ به ڵێن و ڕێککه وتنێکی سیاسی نێوان دوو لایه ن 100% دڵنیا نییه تا کاتی ڕوودانی و به ڕیاڵیته بوونی.

## ئه کته ره کانی تر:

جگه له هه ردوو پاڵه وانی سه ره کی، له نێوان ئه کته ره میوانه کاندا سه رۆکی په رله مانی عێراق، نوێنه ری کۆفی ئه ننان و نوێنه ری سه فاره تی ئه مریکا هه بوون. ئه م سێ ئه کته ره گوزاره له سێ هێزی گرنگ ده که ن، عێراقی فیدراڵ، ڕێکخراوی نه ته وه یه کگرتووه کان و ئه مه ریکای زلهێزی دنیا.

که ئه شره ف قازی به زمانی کوردی ده ستی به په یڤین کرد و ئینجا عه ره بی و ئینجا به ئینگلیزی ڕۆڵێکی ئاسایی بینی له وه ی که ئه و له سه ر خاکی کوردستاندایه و پێویسته به زمانی فه رمی ئه و خه ڵکه په یامه که ی ده ست پێ بکات. زمان ناسنامه یه ، ددان نان به زمانی کوردی ددان نانه به ناسنامه ی کورد، به مافی ڕه وای کورد. ئه م ئیماژه له پێش ئێستادا به ئاشکرا له لایه ن ڕێکخراوی نه ته وه یه کگرتووه کانه وه نه دراوه به کورد، ده کرێ بایه خی به کوردی په یڤینی نوێنه ری ئه ننان له ڕووی سیاسییه وه به گرنگ و له ڕووی ده روونییه وه به دڵنیاکه ره وه هه ڵبسه نگێندرێت.

به هه مان شێوه له وته کانی نوێنه ری ئه مریکایشدا ئیماژی ڕۆڵ و بایه خی کورد وه ک ئه کتوێرێکی سه ره کی ده رده که وت. هه رچی حاجم ئه لحه سه نیش بوو، وه ک سیاسییه کی هه قخواز ده په یڤی و له مه ینه تییه کانی کورد و به تایبه ت له ئه نفاله وه وه ک کاره ساتێکی کۆکۆژی کورد باسی له مافه کانی کورد ده کرد.

به ره ڵستی نه کردنی هیچ یه کێک له میوانه کان و ئه کتوێره سه ره کییه کان له وه ی ئالای عێراق (به شێوه یه کی به رجه سته ) له نێو هۆڵی په رله ماندا نییه ، گرنگ و هێمائامێز بوو. سه رۆکی کۆماری عێراق، سه رۆکی ئه نجوومه نی نیشتیمانی عێراق، نوێنه ری ئه ننان و نوێنه ری ئه مریکا و چه ندان پایه به رزی سیاسی جیهانی و

عێراقی، کە هەموو بە ئاگاییەوە لە سیمبۆلەکان دەڕوانن و لە نێو کەشێکی ڕەنگینی پڕ لە ئاڵای کوردستاندا سەرمۆنیای سوێندخواردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانیان بەڕێ خست، جێگەی ڕامانێکی پۆزەتیڤە لە دوارۆژی کورد.

## سوێندی یاسایی و سوێندخۆرەکان:

تێکستێکی سادە و ساکار سوێندە یاساییەکەی پێک هێنابوو، کە ئەمەی خوارەوەیە:

(بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.. من – فلان کەس- سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم.)

سوێند خۆرەکان دەبووایە دەست بەسەر پەرتووکی پیرۆزی ئیسلامدا بنێن و ئەم سوێندەی سەرەوە بخۆن. با بڕوانین ئەم تێکستەی کە بە سوێندی یاسایی ناودەبرێت لەگەڵ کەشی کوردستانی و دیکۆراسیۆن و سیناریۆ سیاسییەکاندا وێک دەهاتەوە؟ وەڵام ئاشکرایە کە نەخێرە. کوردستانی عێراق دوو وشەیە لە نێو تێکستەکەدا کە ئەو مانایە دەدەن کە کوردستان هی عێراقە. بەڵام ئایا لە واقیعدا وایە؟ عێراقی بوونی کوردستان سەپێنراوە یان ڕاستییە؟ بێگومان وشەی عێراق لە تێکستەکەدا زیادەیە و ، بڕێکی زۆری ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانیش وەک تووتی و بێ بیرکردنەوە سوێندەکەیان دەخوارد. جێگای شانازییە بۆ یەکەمین کەسی نێو ئەو ئەندامانە کە هۆشیارانە "عێراق"ی لە تێکستەکە لابرد و سوێندەکەی بە دروستی خوارد و دوای ئەویش چەندانی تر لە ژن و لە پیاوانی ئەندام دەرکیان بەو هەڵەیە کرد و سوێندەکەیان بە دروستی خوارد.

شتێکی دیکە لە سوێندی یاساییدا دەبێتە جێگەی گفتوگۆ و تێڕامان ئەوەیە ئاخۆ هەموو مرۆڤێک بە باوەڕێکی تەواوەوە لەو ماتریاڵە دەڕوانێ کە سوێندی پێ دەخوات؟ ئەگەر وا نەبێت ئەوە با سوێندیشی خواردبێت، دەتوانێ پارێزگاری لە یەکێتی گەل و، خاکی کوردستان و بەرژەوەندییە باڵاکانی نەکات. ڕەنگە مرۆڤێک شەهیدێکی کوردستانی پێ موقەدەس بێت ، یان ئاڵای کوردستانی پێ موقەدەستر بێت لە هەر شتێکی دیکە ، یان دایکی لا پیرۆز بێت، یان سەرۆکەکەی خۆی. بە بۆچوونی من ئەگەر لە سوێندی یاساییدا ڕەچاوی موقەدەساتی تاکەکەسی سوێندخۆر بکرێت زۆر گرنگ دەبێت. مرۆ ئەگەر سوێند بە موقەدەساتی خۆی بخوات (ئیدی ئەو موقەدەساتە هەرچییەک بێت) لە ڕووی دەروونییەوە وابەستەی دەکات بەو بەڵێنەی کە دەیدات، بەڵام ئەگەر سوێندی بە شتێک خوارد و باوەڕی 100% ی پێی نەبوو، دوور نییە ناپاکی بکات بەرامبەر ئەو بەڵێنە و ویژدانیشی ڕەحەت بێت. سوێندێکی ستاندارد بە بڕوای من دەبێ سوێندێک بێت ویژدانی مرۆڤی سوێندخۆر بخاتە بەرپرسیارێتییەوە، بۆ ئەوەی مەترسی سوێندشکێنی لێ نەکرێت.

ڕادەی ڕۆشنبیری، هۆشیاری و ئاستی سوێندخۆرەکان دەتوانرا لە خوێندنەوەی سوێندەکەدا بە ئاشکرا ببیندرێت.

- هەندێ لە سوێندخۆرەکان بە حونجە تێکستەکەیان دەخوێندەوە و هەڵەشیان دەکرد.
- هەندێکی تر لە باتی وشەی گەل دەیانوت "گەڵ"، کە لە مانادا زۆر جیاوازن.
- هەندێکیان دەستی دەنایە سەر قورئان و هەندێکی نەیاندەنا.
- هەندێکیان سوێندەکەیان بە بێ ناوهێنانی عێراق دەخوێندەوە.

• هه‌ندێکیان به‌ ڕه‌وانی و به‌ بێ هه‌ڵه‌ ده‌یا نخوێنده‌وه‌.

له‌م دیمه‌نه‌دا ئه‌وه‌ی ده‌خوێندرێته‌وه‌ چه‌ند خاڵێکی گرنگه‌ و ده‌شێ له‌ داهاتوودا ڕه‌چاو بکرێن و به‌ تایبه‌تیش حیزبه‌کان که‌ ئه‌وان نوێنه‌ره‌کانیان بۆ خه‌ڵک ده‌ستنیشان کردووه‌:

- هه‌ندێ له‌ ئه‌ندامه‌کان ئاستی خوێنده‌وارییان که‌مه‌ و ناتوانن دوو دێڕ به‌ درووستی بخوێننه‌وه‌.
- هه‌ندێک له‌وان ئاستی هۆشیارییان له‌ خواره‌وه‌ی هۆشیاری نه‌ته‌وه‌ییه‌وه‌ و جیاوازی نێوان هه‌بوون و نه‌بوونی وڵاتی داگیرکه‌ری عێراق له‌ سوێنده‌که‌دا ناکه‌ن و سوێنده‌که‌ ده‌خۆن.
- هه‌ندێکیان له‌ ئاستی پێویست دان و پێویسته‌ ئه‌ندامانی په‌رله‌مان له‌ ئاستێکی ستانداردی هۆشیاری سیاسی و ڕووناکبیریدا بن که‌ بتوانن نوێنه‌رایه‌تی خه‌ڵک به‌ به‌رپرسیارێتییه‌وه‌ بکه‌ن.
- سه‌رۆکی په‌رله‌مانی کوردستان و جێگره‌که‌ی، سوێنده‌که‌یان به‌ عێراقه‌وه‌ خوارد و مرۆ چاوه‌ڕێی ده‌کرد ئه‌وان هۆشیارتر بن له‌وانیتر و مه‌خابن وانه‌بوو. مرۆڤ وه‌ک کوردێک هیوای ئه‌وه‌ ده‌خوازێت که‌ سه‌رۆکی ئه‌م ئۆرگانه‌ گرنگه‌ی کوردستان، خاکه‌که‌ی خۆی به‌ هی عێراق نه‌زانێ و، له‌ شانۆگه‌رییه‌کی سیاسی گرنگی وادا له‌ ده‌ق ده‌ربچێت و به‌و له‌ده‌ق ده‌رچوونه‌ گره‌و و متمانه‌ بباته‌وه‌.

## دوا وته‌:

ئه‌م لێکدانه‌وه‌ و هه‌ڵسه‌نگاندنه‌ی کۆبوونه‌وه‌ی یه‌که‌می په‌رله‌مان، که‌ به‌ میتودێکی ده‌روونناسی کۆمه‌ڵایه‌تی بۆ ڕووداوێکی مێژوویی سیاسی کردم، زاده‌ی بیرکردنه‌وه‌یه‌کی تایبه‌تی خۆمن و ده‌شێ هه‌ر که‌سێکی تر به‌ جۆرێکی تر له‌م ڕووداوه‌ بڕوانێت. جیاوازی بیرکردنه‌وه‌ و لێکدانه‌وه‌ و هه‌ڵسه‌نگاندن و قبوڵکردنیان له‌ پرنسیپه‌کانی دیموکراسییه‌وه‌ سه‌رچاوه‌ ده‌گرن. جیا له‌ هه‌موو بۆچوون و هه‌ڵسه‌نگاندن و لێکدانه‌وه‌یه‌کیش، ئه‌وه‌ی گرنگ بوو بۆ کورد دانیشتنی په‌رله‌مان بوو، که‌ هه‌مووان به‌ شه‌وقه‌وه‌ چاوه‌ڕوانمان ده‌کرد.

2005/06/04